زانكۆی سەڵاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# گوندی سەفتێ

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

## لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

**ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:**

**موبین فکری یاسین**

**بەسەرپەرشتی:**

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**

**نیسان - ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ۖ
سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ

القران الكريم سورة-سبأ ١٨

## پێشکەشە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بو درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ سەرجەم خەڵکی ئاوایی سەفتی.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ✓ بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- ✓ خانەوادەکەم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- ✓ سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشەنگساڵح نەجارٍ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- ✓ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

## هێما کورت کراوەکان

### أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

**بابەت**

**لاپەڕە**


پێشەکی......................................................................................................(٧)

تەوەری یەکەم

ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی.........................................................(١٠)

تەوەری دووەم

لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی سەفتی...............................................(١٥)

تەوەری سێیەم

لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی سەفتی....................................................(٢٦)

ئەنجام ...........................................................................................................(٣٣)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان...................................................................(٣٥)

پاشکۆ.............................................................................................................(٣٧)

## تەوەرەی دووەم: لایەنی ئابووری گوندی سەفتێ

خەلکی گوندی سوفتێ هەر لە کونەوە پێشتیان بە کشتوکالیکردن بەستووە، خەلکی گوندەکە هەژار بوو کە خوراکەکەیان بە کشتوکال بەدەست دەهێنا، چەندین کاری تریشیان کردووە بوو ئەوەی خویان پێ بژینن وەک بازرگانی و ئاژالداری و قاچاغی کە ئەشیایان دەبرد بوو وەلاتەکانی تورکیا و ئێران .

## باسی یەکەم: لایەنی کشتوکالی

کشوکالی یەکێکە لە پیشە سەرەکیەکانی خەلکی گوندی سەفتێ بووە کە دەبووە هوی تێربوونیان وە چەندین بەرهەمیان دەچاند وەک ( برنج، گەنم، جو، توتن)

١. گەنم/ یەکێکە لە بەرهەمە کشتوکالیەکان بەرهەی سەرەکی خەلکی گوندەکە بوو، بە بەرووبومەکی سەرەکی دادەنێت بو خوراکی مروڤ وە چەندین بەرهەمی لێ دروست دەکرێ وەک ئارد و هەویر دوای دەکرێتە نان کە دەبێتە هوی داهات بوو خەلکی گوندەکە، گەنم زیاتر حەز لە کەش وهاوای مامنەوەندە نە زور سارد بێت نە گەرێم بێت، کە دەبێت رێژەی باران گونچوبێت وەک (٤٠٠،٩٠٠) بوو گانم گونجاوە هاتا ( ٢٥٠ ) بێبارێ بەرهەم دەدات بەلام بەرهەمەکی کام و دەنکی تووەکانی بچوک دەبێت و قەد و گەلەکان لاواز دەبێت زوری باران و بەرزی پلەی گەرمی دەبێتە هوی تووشبوونی بە نەخوشی ژەنگ و کوورک ( خەلووزە ) بەلام کەمی باران و وشکی ئاووهەوا دەبێتە بچووکی دەنکەکان و لاوازی قەدی و گەلاکانی گەنم ، ئاوهەوای گوندی سەفتێ وای کردووە کە ناوچەیەکی باش بێت بوو چاندنی گەنم زوور بەی خەلکی گوندەکە گەنم یان دەچاند لە باشوری( خواروی ) گوندی سەفتێ پێی دەگوترا ( دەلاش) کە ناوچەیەکی بە پیتەو بوو کشتوکالی ئاژەلیان بەکار دەهێنا بوو کێلانی خاکەکە وە لە زستان دەیان چاند وە لە هاوین دەیان دوریەوە بەتایبەت ( داسک ) بەکار دەهات ، خەلکی گوندەکە گەنمەکەیان دەکردە بە ئارد نانیان پێ دروست دەکرد کە خوراکی سەرەکی گوندەکەیە (١)

٢. توتێن/ یەکێکە لە بەرووبومە کشتوکالیەکان خەلکی گوندەکە گرنگیەکی زوریان پێدەدا کە بێبویە هوی داهات بوو جوتیارەکان، سەراتا بە گولێکدا بەتو و

دادەچێنرێت تا دەگات بە شەتل دواتر زەویەکە بو ئامادە دەکرێت شەتلەکە تێدا دەچینرێت، بە دیاریکراوی لە مانگی شەش دەست بە چاندنی دەکرێت و لە کوتایەکایی مانگی ئاب لەگەل دەرکەوتنی پایزیش وەردە وەردە بەرەو هەلگرتنەوە دەچێت، توتن چەند جارێک پێویستی بە ئاودان و بژارکردن هەیە تا گەلاکانی پان دەبن، پاشان بوو وەشکردنەوەی گەلاکەین خستوتە بەر تیشکی خور، خەلکی خوندی سەفتێ تونیان دەجاند لە باکوری گوندەکە دە چاند لەناوچەی ( بن سولێ) کە ناوچیەکی پر ئاوە ، خەلکی گوندەکە داهاتیان پێ پەیا دەکرد [٢]

١/ چاوپێکەوتن لەگەل( مەحتوبەر یاسین احمەد ) لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٧٥ لەدایک بووە لە گوندی سەفتێ، هاولاتیە

٢/ چاوپێکەوتن لەگەل( مەحەمەد عومەر رزگار) لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٧٣ لەدایک بووە لەگوندی سەفتێ، هاولاتیە

٣. جو/ یەکێکە لە بەرهەمە گشتوکالیەکان کە خەلکی گوندەکە دەیان چاند، رووەکێکی ئازایە و لە گەنم کەمتر ئاوی پێویستە ، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو زەوییەک بو چاندنی جو لەبارە و ئەگەر بارانیش کەم بێت دەروێت و کێشەیەکی ئەوتوی نیە. سالانە جو لەسەرەتای وەرزی پاییزدا دەست دەکرێتە بە چاندنی و لەمانگی پێنجی وەرزی بەهاردا دەست بە دورینەوەی دەکرێت ، بەلام ئەگەر زەویەکە تەخت بێت و بارانی باشتریشی هەبێت بێگومان بەرهەمی زیاتری دەبێت بە ئاسانی دەدورێتەوە. زوربەی خەلکی گوندەکە جویان دەچاند ناوچەی ( بەر گوندێ ) دەیان چاند، دەیاندایە ئاژەلەکان و نانیان پێ دروست دەکرا وە بازرگانیش پێوە دەکرا

٤. برنج/ یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکیەکان کە خوراکی سەرەکی زوربەی هەمەکانە لە سەتاسەری جیهاندا. دانەوێلەیەکی هاوینییە و پێویستی بە ئاوی زور و بەرزی پلەی گەرمی هەیە. خەلکی گەندەکە زور گرینگیان پێداوە چونکە خاک و ئاوهەوای لەباریان هەبووە کە گونچاوە بو چاندنی برنج نیوەی گوندەکە خەریکی چاندنی برنج بوونە ، لە ( دەلاشێ) دەیان چاند ناوچەیەکی لەبار و گونچاو بوو چاندن وە خەلکی گوندەکە ئەوەندەی پێوستیان پبوایە هەلیان دەگرت ئەوەی زادەش بارزگانی پێوە دەکرد هەندەک چار هەبووە کە بەشی خویانیش نەدەکرد [١]

## باسی دووەم: لایەنی ئاژەلداری

گوندی سەفتێ جوگرافیایەکی لەبار و گونجاوی هەیە بوو بە خێوکردنی ئاژەڵ سوود مەد بونی لە بەرهەمەکانی و کارپێکردنیان زور بەی ئاژەلکانی بەخێوکردووە وەک مەر، مانگا، ئەسپ، گوێدرێژ, پەلەوەرەکان

١. مانگا/ یەکێکە لە گرینگترین ئاژەلەکان کە بوو بەرهەمەکی و کوشتەکەی بەخێو دەکرێت وە بەخێوکردنی ئاسانە و بە شیرەکەی زور بەرهەمیان لێ دروست دەکرا وەک ( پەنیر و ماست و کەرە ) کە پێداوستیەکانی خویان پێردەکردەوە ئەوەێ دەمایەوە بازرگانی پێوە دەکرا دەیان فروشت یان دەیانگوریەوە بە بەرهەمەکی دیکە گوشتەکەی بوو خواردن بەکار دەهێنرێت بە تایبەت گوێرەکەکەی کە بەتام و تازەیە. پێستەکەی لە دروست کردنی جلوبەرگ و پێلاو بەکاردێت. مانگا لە رابدوودا بو زەوی کێلان و شتومەک گواستنەوە و گالیسکە راکێشانیش بەکاردەهات

٢. مەر/ یەکێکە لە ئاژەلە گرینگەکان کە زودەکی زوری هەیە بوو مروڤ وەک گوشتەکەی و شیرەکەی و خوریەکەی بوو دروست کردنی جلوبرگ دروست کردن بەکاردێت کە تا ئێستا گرنگ خوی هەیە وە گوشتەکەی بوو خواردن بەکاردەهێت وە شیرەکەی بوو دروست کردنی ماست و پەنیر لێ دروست دەکرێت[٢]

١/ چاوپێکەوتن لەگەل( هەڤال چەلو یاسین ) لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٦٨ لە دایک بووە، لە گوندی سەفتێ، هاولاتی

٢/ چاوپێکەوتن لەگەل( گەیلان عبدوللە عومەر) لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٦٤لە دایک بووە لە گوندی سەفتێ، باخەوان

٣. ئەسپ/ یەکێکە لە ئاژلە گوازرەوەکان کە بوو گواستنەوەی شتومەک و مروڤ لە مەمکدارە شیردەرەکاندا پولێنکراوەن، بە نێرینەکەی دەوترێت ئەسپ و بە مێینەکەی دەوترێت قاتر لە پێش ٤ هەزار سالەوە هەتا ئێستا ئەسپەکان بە گواستنەوە و چەندین مەبەستی دیکە بەکاردێت. بەهوی جوگرافیای گوندی سەفتێ سەختە بە ئاسانی هاتوجوو تێدا ناکرێ بوو ئەو مەبەستە ئەسپیان بەکار دەهێنا چەند مالەکی کەم هەسپیان هەبوو بەهوی گرانی نرخەکەی کە پێیان نەدەکرا بیکرێن هەندەک جار بوو کێلانی زەویش بەکار دەهات [(١)]

٤. گوێدرێژ/  بە ئەندامێکی خێزانی ئەسپەکان پولێندەکرێت، چەندین جوری جیاوازی هەیە و لە سەرەتادا لە روژئاوای ئاسیا و میسر مالیکراوە، و نیشینگەکەی دەکرێت هەموو ناوچەکانی جیهان بگرێتەوە جگە لە جەمسەرە بەستووەکان، بەناوبانگە بە دەنگە تایبەتەکەی کە سەراندنە، ئەم ئاژەلە بە ئاسانی توانای راهێنانی هەیە لەگەل خاوەنەکەی، یان ئەو گیانەوەرانەی دیکە کە لە لەوەرگاکەیدا دەژین، بەلام هیچ حەزی لە ئاو نییە و کاتێکدا ناچار بکرێت بەسەریدا بپەرێتەوە ئینکارییەکی زور نیشاندەدات، ئاژەلێکی زیرەکە توانای بیرهاتنەوەی رێگەی ئالوز هەیە کە پێیدا روشتووە یاخود ناسینەوەی ئەو رووخسارانەی کە بو ماوەی چەندین سال نەیبینیوە. لە رابردوودا بە گشتی وەک گواستنەوە  و زەوی کێلاندن بەکاردەهات و خەلکی گوندەکە سوودیان لێ دەبینی، گیانەوەرێکی رووەکخورە و ددانەکانیشی بە جورێک دروستبوون کە هاوکارییەتی لە خواردنی رووەک، بە گشتی گژوگیا و دانەوێلە دەخوات، بەهوی جوگرافیای گوندەکە خەلکی گوندەکە ئەو ئاژەلە یان زور هەبووە.

٥. پەلەوەر/ بە شێوەیەکی گشتی پەلەوەر پێک دێت لە مریشک و قاز و مراوی و عەلەشیش، لە هیچ مالێک نەبێت ئەگەر جورێک یان دوو جوری نەبێت لەم جورە پەلەوەرانە، لە هەموویان گرینگتر (مریشکە) تایبەت بوو بازرگانی کە گوشتەکەی و هێلکە کە داواکاریەکی زور هەیە نیوەی گوندەکە مریشکیان هەبووە پێداوستی خویان لێ پەیا کوردووە، (کەلەشێر) لە هەموو بالندەیەک بە سامترە، زور بەخوی ئەنازێت و شانازی بەخوی ئەکات، شەو کورت بێت یان درێژ قەت کاتی لێی تێک ناچێت و خەبەر ئەدا بە بەیانی، ئەگەر یەکێ بەدەنگی گەلەشێر بێتەوە لە شگرانی نوستنی نامێنێت، شێر لە دەنگی کەلەشێری سپی هەلدێت، کەلەشێر مریشکی خوی

خوشتر ئەوێت، دەیپارێزیت لە ئاژەڵەکانی تر پاساوانی بوو دەکات ، دانەکە بەدەنوکی خوی هەڵدەگرێت و مریشکەکە بانگ دەکات و دەیداتێت، بە یەک چاو سەیری سەیری مریشکەکانی دەکات [٢]

١/ چاوپێکەوتن لەگەل(                    لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٦٢ دایک بووە، لەگوندی سەفتێ، هاولاتی

٢/ چاوپێکەوتن لەگەل(                    لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٦٦ دایک بووە، لە گوندی سەفتێ، هاولاتی

## باسی سێیەم: لایەنی رووەکی سروشتی (خورسک)

بریتییە لەو رووەکەی کەلەخویەوە بێ دەسەتکاری مروڤ دەروێت، مروڤ هیچ رولێکی لە پەیدابوونی و دابەشبوونی لە جوگرافیادا نیە، بەلکو فاکتەری سروشتی ئاو و هەوا و بەرزونزمی خاک و دەرامەتی ئاو بەرپرسن لە پەیدابوون و دابەش بوونی جوگرافیان. لەسەردەمی کوندا گرنگی لە ژیانی دەولەتان بینیوە بە تایبەتی دارستانە چرەکان، کە هێشتا دەستی مروڤ نە گەیشتبویە کە لە رووی ئابووریش گرێنگ بووە کە خەلکی گوندە کە بازرگانی پێوە دەکرد داهاتەک بەدەست دەهێنا کە ئەو رووەکانە لە گوندی سەفتێ هەیە، کەنگێر، جورین، ترشوک، کاری،کیڤارک، کسکان،جاتر،سماق، بەرو، مازی،بێموک، گیشک، کروسک، رێڤاس.

## باسی چوارەم: لایەنی بیستان

بیستان بەو شوێنە دەگوترێ کە میوەی لێدەچیندرێت، بیستان کەوتووتە باکوری گوندی سەفتێ کە زور بەی میوەکان تێدا دەچینرێت کە خاکەکی بەپیتی هەیە و هەموو میوەیەک تێدا هەیە ئاوی کانی تێدا بەکاردەهات بوو ئاودانی کە ئاوەکە لە ( بێن سیلێ) دەهات ئاودانەکەی (گوراف) بەنورەبوو هەر روژەک چوارمال ئاودانەکەی دەکرد ئەو میوانە پێداوستی خویان بەرهەم دەهێنا و ئەوەێ زیادەبوو بارزگانی پێوە دەکرا یان دەیان گوریەوە بە شمەکەکی دیکە ئەوە میوانە هەبوو وەک هەرمێ، قەیسی، توو، تووی سپی، سماق، هەنار، هەنچیر، ترێ، سەردەلو، سێف، خورمەلو، تەماتە و خیار و لوپێک لێدەچێندرا.

## باسی پێنچەم: لایەنی بازرگانی

بەهوی جوگرافیای گوندی سەفتێ هەموو بەرهەمەکیان هەبووە پێویستیان بە بەرهەمی دەرەکی نەبووە زوربەی شتەکانیان لە ناوخویان بەرهەم دەهێنا، شتەکانی بەرهەم دەهێنا هەلیاندەگرت بو زستان و لە زستانیش بژیوی ژیانی خویان پێ دابین دەکرد، بەلام بەهوی زور بوونی دانیشتوان پێداویستیەکانیش زیاد بووە خەلکی گوندەکە ئەو بەرهەمەی لە پێداوستی خوی زیاتر بوو دەیانگوریەوە بە ئەو بەرهەمەی کە لە گوندەکە نەبوو، بوو گواستنەوەی شتەکان ئاژەلیان بەکاردەهێنا وەک ( ئەسپ و گوێدرێژ) بەکار هاتووە، تایبەت ئەو بەرهەمانە بازرگانی پێوە دەکرا ( برنچ ، گەنم، جو، توتێن) هەروەها بەرهەمە سروشتیەکانیش ( خورسکەکان) بارزگانی پێوە کراوە وەک ( کەنگێر، کیڤارک، کسکان ) دەیان بردە ناو بازاری ( بلێ) دەیان فروشت.

١/ چاوپێکەوتن لەگەل(                    ) لە  گوندی سەفتێ، سالی ١٩٧٣ دایک بووە لە گوندی سەفتێ، هاولاتی

٢/ چاوپێکەوتن لەگەل(                    ) لە گوندی سەفتێ، سالی ١٩٨٠ دایک بووە لە گوندی سەفتێ، هاولاتی

**تەوەری سێیەم: کومەلایەتی گوندی سەفتێ**

**باسی یەکەم: خێزان**

گوندی سەفتێ پێک دەهات لە خێزانی گەورە کە ( باوک و دایک و خوشک و برا و داپیر، باپیر) زور کەم خێزانی بچوک لە گوندەکە هەبوون کە پەنچەی دەست دەژمێدران لەبەر ئەوەی پێکەوە کاریان دەکرد وەک گشتوکال کردن کە پێویستیان بە دەستی کار هەبووە کارەکان لە ناوخودا دابەش کردووە هەریەک لە ئەندامی خێزانەکە کارەکی دەکرد

**باسی دووەم: رولی ئافرەتان**

ئافرەتانی گوندی سەفتێ سەرەرای قورسی کاروباری مالەوە و بەخێوکردنی مندالیش ئەستووی ئەو بوو هەندەکجار لەدەرەوە کاریان کردووە شانبەشانی پیاوەکان وەک گشتوکال کردن و دووشینی مانگا  ئەرکی مالەوەی لەسەر شانی بوو دروست کردنی خواردن و کاروباری مالەوەی دەکرد، ئافرەتانی گوندی سەفتێ بە ئازادی هاتووچویان دەکەرد بێ ئەوەێ کێشە بوویان دروست بێت بەلام بەبێ لاچێک چونەدەرەوەیان نەبووە ، دەست رەنگین بوونە کاری رستن و چنین دەکرد وە بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد و لەگەلیان دادەنیشت میوە و چیان بوو دەهێنا وە کاتێک پێشمەرگەکان لە ناوچەی ( دەلاش) بوون خواردن و ئەشیایان بوویان دەبرد بە چاونەدرسیەوە.

**باسی سێیەم: پەیوەندیان لەگەڵ دەروبەریان**

گوندی سەفتێ یەکێکە لەو گوندانەیە دوور بووە لە هەبوونی کێشە و ئاژاوە  و لەگەڵ گوندەکانی دیکە ئاشتی و دوستانەی لەگەڵ گوندی دەروبەریدا هەبووە، سەردانی و میوانداری لە نێوان یەک هەبووە، ژینخوازی لەگەڵ گوندەکاندا کردوە، ئەگەر شتەک لەگوندەکە دەست نەکەوتبا روویان دەکردە گوندەکانی دیکە لەوێ پەیایان دەکرد

**تەوەری چوارەم: لایەنی سیاسی و روشەنبیری گوندی سەفتێ**

گوندی سەفتێ بە هوی جوگرافیای چەندین جار دووچاری سوتاندن و تەلانکاری بووتەوە، هەستی نیشتیمان پەروەری هانیان داوە بەشداری چەندین شورەش و راپەرین کردووە رولیان تێدا هەبووە.

**باسی یەکەم:شورەشی ئەیلوولی ١٩٦١-١٩٧٥ یگەری لەسەر گوندی سەفتێ**

هەر چەندە گەلی کورد پشتیوانییەکی گەورەی لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز کرد و توانی

ببێته فاکتەرێکی سەرەکی ڕوخاندنی ڕژێمی پادشایەتی و هێنانە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ، تەنانەت بارزانی و هەڤاڵانی دوایی گەڕانەوەیان لە یەکێتی سۆڤیەت دڵسۆزی خۆیان و پشتگیری خۆیان و گەلی کوردیان جارێکی تر پیشاندا، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو کۆنەپەرستان و ڕەگەزپەرستان سەریان بەرز کردەوەو کەوتنە دژایەتی گەلی کورد و بانگەوازی توانەوەی گەلی کوردیان بڵاو کردەوە ، حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیش کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی دوور لە ڕێبازی شۆڕشی ١٤ی تەموز، وەک کار نەکردن بە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی عێراق و هەوڵدان بۆ بێبەشکردنی کورد لە گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی، سەرەتا حکومەت ئەفسەر و پلەدارەکانی کوردی لە سوپا دوورخستەوە فەرمانبەرە کوردەکانی لە شوێنە گرنگ و دام و دەزگاکانی حکومەت دا لابرد، هەروەها پشتی ئەو خێڵانەی گرت کە لەگەڵ بارزانی دا ناکۆک بوون و پڕ چەکی کردن ئەمانە هەمووی بوونە ئاڵۆزبوونی پەیوەندنی نێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسم، بارزانی هەوڵێکی زۆری دا کە پەیوەندی لەگەڵ حکومەت دا بە گشتی و لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بە تایبەتی ئاسایی بکاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو چونکە عەبدولکەریم قاسم سوور بوو لە سیاسەتی خۆی ، بۆیە سەرەتای مانگی مارسی ساڵی ١٩٦١ بارزانی بەغدایبە جێهێشت و گەڕایەوە بارزان.پیش ئەوەی کەر لە کار بترازێ بە گیانێکی برایانەوە چارەسەری بارودۆخی کوردستان بکرێت بەڵام یاداشتەکە بایەخی پێنەدرا، لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لەشارەکانی کوردستان بڕیاری مانگرتنی گشتی درا بە بۆنەی ڕۆژە ڕەشەکەی ٦ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی کە بە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا بەناوبانگە لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە هەموو ناوچەی کوردستان لە نێوان حکومەت و عەشایەر و حزبی بوو بە شەڕ، پێشمەرگەش چوونە ناو سەنگەرەکانی خاکی کوردستان، هێزی میری بە تانک و فڕۆکە و تۆپ و چەکی تازە پەلاماری سەنگەرەکانی داو بۆ ئەوەی ڕێگە بکاتەوە کە هێزی میری پێیدا بڕوات چەند کاتژمێر بە ئاگر باران بە ناپاڵم و تانک و تۆپ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕ خایاندی لە ئاکامدا بەرەی هێزی پێشمەرگەو حکومەت وەک یەک نەبوون لەڕووی چەکەوە ناچار ناوچەی دەربەندی بازیان و دەربەندیخان ئەو ڕێگایە بەەڕەڵڵا بکەن و بکشێنەوە، هەروەها لەناوچەی هەولێر لەبەر نا شارەزایی و هەواڵگیری نەیانزانی بوو کە میری بەرەو کوێ دێت چ لە هەولێر و چ لە کەرکووکەوە تەنیا بەوە ڕاگەیشتن کە بکشێنە دواوە و خۆیان دەرباز بکەن ، لە قۆڵی بارزانیشەوە پەلاماری مەلا مستەفا بارزانی درا بە پاڵپشتی فڕۆکەوە ناوجەی بارزانیان هەموو ئاگردا،

شەڕ هەموو ناوجەیەکی کوردستانی گرتەوە و پێکدادان بە درێژایی ساڵی ١٩٦٢ بەردەوام بوو هەر هەلێکیان بۆ هەلکەتبایە پەلاماری حکومەتیان دەدا و لە دێ و قەزاو ناحیە زیانیان لێ ئەدان. گوندی سەفتێ یەکێک بوو لەو گوندانەی کە زیانەکی زور پێکەت کە سوتێنرا لە لایەنی فروکەکانەوە خەلکی گوندەکە ئاوارەبوون شوێنی نیشتەچێبوونیان نەبوو خویان لە چیاکان دەشاردەوە، چەندین خەلکی گوندەکە بەشداری لە شورشەکە کردووە بەهوی هەستی نەتەوایەتی دەیان ویست کوتای بەم زولمە بێت کە لەگەلی کورد دەکرێت بە ئازادی بژین وەک( یاسین احمەد عومەر) ( ئەیوب احمەد عومەر) ( سالم عبدوللە محەمەد) ( قادر محەمەد عومەر ) حەسەن محمەد حەسەن) ( خالێد مستەفا یبراهیم) ( سادق احمەد عومەر) (عەلی تاها) بەشداری لە شورەشەکەیان کرد .

**باسی دووەم: شورەشی نوێ و گولان (١٩٧٦- ١٩٨٠) یگەری لەسەر کوندی سەفتێ**

شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پێشکەوتنخواز لە ساڵی ١٩٧٦ خاڵێکی وەچەرخانی گرنگ بوو لە خەبات و بزاڤی رزگاریخوازی وئازادیخوازی گەلی کورد، کە درێژە پێدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو ، لە کاتێکی هەستیار و بێ ئومێدی ئەو شۆڕشە بەرابەرایەتی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی شەهیدی هەردەم لە یاد کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ ، و سەرۆک بارزانی توانی ئومێدی سەرکەوتن و هیوای ئایندەیەکی گەشتر بە نەتەوەی کورد ببەخشێت شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پێشکەوتخواز دوای ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورددا هات، هاتە کایەوە، کە نەک بەس لە عێراق بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سەرۆک بارزانی، بڕیاری دا بە پەلە دووبارە ڕێکخستەکانی خۆیان ڕێک بخەنەوە، ئەوە بوو سەرۆک بارزانی، توانی بەربەستەکانی کوردستان بشکێنێت و قۆناغی پارتیزانییش زیاتر بکات و شۆڕش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەرپا بوو.شۆڕش پێشکەوتنخوازی ٢٦ی گوڵان درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول بوو، دوای رێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی گوڵان هەڵسانەوەیەکی دیکەی کورد بوو، نسکۆی ١٩٧٥ دەرەنجامی گەلەکۆمەکییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بوو، بەڵام دەسپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان هیوایەکی نوێی بە گەلی کوردستان بەخشییەوە. لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ بە فەرمانی

بارزانی نەمر، شۆڕشی پێشکەوتنخوازی گوڵان، وەک درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بۆ تەواوکردنی ئامانجە بەدی نەهاتووەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان یەکەم بڵێسەیدا و کاروانی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمانی درێژەپێدا. جێی ئاماژەیە،شۆرشی پێشکەوتتخوازی گوڵان رۆژی ١٩٧٦/٥/٢٦ لە دۆڵ زەوی یەکەم مەفرەزەی شۆڕش کە ٢٣ پێشمەرگە بوون لەگەڵ سوپای عێراق دەبێتە شەڕیان و سەید عەبدوڵڵای حاجی ئۆمەرانی دەبێتە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان.شۆڕشی گوڵان لە کاتێکدا دەستی پێ کرد، لەناو جەرگەی نائۆمێدیدا ئۆمێدی دروست کردەوە و هەڵسانەوەی نەتەوەیەک بەرەو رووی ستەمکاریی بوو و ئەو شۆڕشە بە نەفەس و بیرکردنەوەیەکی نوێوە هاتەوە مەیدان. خەلکی گوندی سەفتێ لەم شورشەدا بەشداریان کرد